# "شیرین ئامیدی" نوینەری کولتوری دواکەوتوانەی دژی ژنە لە کوردستان

**ریگا رەوف**

دوای کوشتنی فادیمە لەلایەن باوکیەوە لە ولاتی سوید دەنگەکانی دژ بەو تاوانانە زورو زورتر دەبیتەوە، نەفرەت و نارەزایەتی بە دژی سیاسەتی راسیستانەی دەولەتی سوید لەبەرامبەر ژنانی پەنابەر پەرە دەستینیت. هەلسوراوانی دیفاع لە مافەکانی ژنانی کوردستان لە دەرەوەی ولات دەورو نەخشی بەرچاویان بوو لە شکاندنی ئەو دیوارە بیدەنگی‌یە کە دەسالە لەلایەن میدیای ئەورووپاوە بەریوە دەچیت لەژێر ناوی "کولتوری میلەتە جیاوازەکان". لەبەرامبەر ژنانیك کە ملیان نەداوە بە داب و نەریتی دواکەوتوانەی مەزهەبی و دژە ژنی، ژنانیك کە دەیانویست بە مەیل و ئارەزووی خویان جل و بەرگ بپوشن و هەر بەو هویەشەوە لەدەست مال و کەس و کاریان هەلهاتوون و بەنهینی دەژین، پێیان دەووتن ئەوە کولتورو فەرهەنگی ئیوەیەو ئیمە ناتوانین دەخالەت بکەین. وە بەم جورە هەر ئەو قانون و رێو رەسمە دژی ژنی‌یەی کەلەولاتانی خورهەلاتی ناوەراست هەیە، لەولاتانی ئەورووپاش بەریوە چووە. ئەمە ئیتر بیجگە لە راسیسمی دەولەتی هیچی تر نی‌یە. ئەمە مانای ئەوەیە کە ژنانی خورهەلات بو هەتا هەتایی‌و ئەزەلی دەبیت مل بدەن بە عادەت‌و عورف دواکەوتوانەو مەزهەبی. بەلام ژنانی تینووی ئازادی نەك هەر تەسلیمی ئەم فەزا سامناك‌و تالە نەبوون بەڵکو نیشانیان داوە کە مافەکانی ژنان جیهانی‌یەو شمولی هەموو کەس دەکات وە ئەو قسەیە پوچ‌و بێمانایە کە دەلیت تەنها ژنانی ولاتانی خورئاوا دەتوانن بەهرەمەند بن لەو مافانە. پیلاو سارا‌و فادیمەو صبحیەو... چەند قوربانی ئەوسیاسەتەن.

کوشتنی فادیمە شەهیندال دوبارە ئەو پرسیارەی هینایە گوری کە ئەگەر ئەمە بەبالای ژنان براوە کەواتە بوچی ژنان لا دەدەن لەو عورف و عادەتانە؟ ئەی بوچی روژانە ژمارەی ژنان‌و کچانی هەلاتوو لەزوربوندایە؟ ئەمجارە ئیتر دەبیت جوابی راست‌و ریشەیی پێبدریتەوە. ئیستا ئیتر کولتوری کوشتنی ناموسی (غسل العار) لەبەردەم رەخنەی خەلکی ئازادیخوازدایە نەك تەنها لەسویە تەنانەت لەدونیادا. ئەوانە وا شانازیان دەکرد بەو کولتورە دواکەوتوانەو دژی ژنە دەبیت لە فکری ئەوەدا بن کە حەیای کورد بکرنەوە، هەر بویە بەهەلە داوان هەندی لە ریکخراوە کوردی‌یەکان لە سوید کە کاریان هیشتنەوەی ئەو کولتورە دواکەوتوانەیەیە لە هەولی ئەوەدا بوون کە ئەمە بەناوی کولتورەوە تەواو نەبیت‌و بەقەولی خویان "ئابروی کورد نەروات". بەلام تازە ئیتر درەنگ بوو.

دوای ئەو رووداوە لە کوردستانی عیراقیش بەهەمان شیوە ئەم مەسەلەیە رەنگی دایەوە کە کوشتنی ژن گەیشتوتە ئەورووپا هەر بویە ئەحزابی دەسەلاتدار کە خویان هوکاری سەرەکی ئەو مەئسات‌و تراژیدیایە بوون کەوتنە خویان. شیرین ئامیدی ئەندامی کومیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق‌و سکرتیری یەکیتی ئافرەتانی کوردستان بەقەولی خویان بو سپی کردنەوەی رووی خەلکی کورد لە گفتوگویەکی رادیویی‌دا لە سوید ووتی"کوشتنی ژنان کولتوری کورد نی‌یە بەلکو کومەلیك کەسی نەخویندەوارن کە ژن دەکوژن! وە ئیستا لە کوردستان ژن کوشتن کەم بوتەوەو لەسالی 98 تا ئیستا تەنها 13 ژن کوژراوە، ئەوانە وا دەلین لە کوردستانی عیراق ژن دەکوژریت دەیانەویت رەسمیکی ناشرین لەسەر کوردستان بدەن لەبەر دەم ولاتانی ئەورووپادا".

له راستی دا مەسەلەی کوشتنی ناموسی یەکێکە لەو کێشە گەورانەی کە یەخەی کومەلگای کوردستانی عیراقی گرتووە، وە تەنها لە دەسالی رابردوودا هەزاران ژن بوونەتە قوربانی ئەو عورفو عادەتە.

لە "کتێبی هاواریك لە کوردستانەوە" کە من نوسیومە و ئامارەکانیم کوکردوتەوە توانیم تەنیا ناوی600 ژن کە لەلایەن کەس و کارو باوك و برایانەوە کوژراون کوبکەمەوە کە ئەمەش ئامارێکی تەواو نىیە وە لەکاتی ئامادەکردنی کتێبەکەدا رووبەرووی هەر ئەو تعصب و دەمارگیریە بوینەوە کە هێشتا دوای کوشتنی کچەکە کەسو کارو دەوروبەری حازر نەبوون باسی بکەنو ناویان بهێنرێت. روناك فرج هەلسوراوی سەنتەری راگەیاندنی ژنان بەهەمان شیوە کتێبێکی لەسەر ئەو کوشتنانە بلاوکردوتەوە.

لە ژمارە پەنجای یەکسانیدا کە لە مانگی هاوینی 2001 دا دەرچووە تەنها لە شاری هەولێر ئاماری یەك مانگی کوشتن و خوسوتاندنی ژنان دەگاتە نزیکەی 35 ژن! ئەمە مانای وایە هەر 24 سەعاتێك ژنێك دەکوژریت یان خوی دەسوتێنیت. روژنامەی هاولاتی کەلە سلیمانی دەردەچیت لەیەکێك لە ژمارەکانیدا ئاماری خوسوتاندنی ژنان لەماوەی یەك سالدا دەگاتە نزیکەی 400 کەس.

شیرین ئامیدی لە شاردنەوەی ئەم راستی یانە چ ئامانجێکی هەیە؟ بێگومان لە دەسالی رابردوودا مەسەلەی کوشتنی ژنان نەك هەر بوتە جێگای نەفرەتو بیزاری رێکخراوەکانی ژنان بەلکو زورێك لە خەلکانی ئازادیخوازو لایەنگری مافەکانی ژنان لەم بەرەیەداو بو دیفاع لەماف ئینسانی ژنان بەشدارىیان کردووە لە رێپیوانو میتینگو ناردنی نامەی نارەزایەتی بوسەر ئەحزابی دەسەلاتدارو دەیان شیوازی ئیعترازی تر، نمونەکانی بەرەنگار بوونەوە بووە لەدژی ئەو کولتورە. راستی لەوەدایە کە حیزبە دەسەلاتدارەکانی کوردستان لەم دەسالەدا نە دەیانتوانی وە نە دەیانویست قانونەکانی رژێمی بەعس بگورنو کوتایی بهێنن بەم کوشتو کوشتارەی ژنان کە بە قەولی خوشیان بوەتە هوی ئەم شەرمەزاریەی ئیستایان. ئەوانە ناتواننو نابنە مودافعی ماف ژنان لە کوردستان, بویە بەقسەی حەقو راستی ئیمەش تورەو نارەحەت دەبن. رێکخراوەکەی شیرین ئامیدی کاتێك لە سلیمانی بوون لە سالی 93 منو چەند هاورىیەکم لەرێکخراوی سەربەخوی ئافرەتان سەردانمان کردنو داوامان لێکردن کە بێن لەگەڵ ئیمە هاوکاری بکەن بە دژی تیروری ژنان. بەلام ئەوان نەك حازری هاوکای نەبوون بەلکو وتیان "ئیمە دیفاع لەبەرەلا ناکەین وە بگرە لیستی ئەو ژنانەی کە بەرای ئەوان بىئەخلاق بوون دەیدەین بە پارتی تا لەلایەن حیزبەوە پاکتاویان بکەن!. ئەمە قسەی رێکخراوەکەی بوو. ئەمە رویەکی ئەو واقعیتەتەیە کە هەم حال و وەزعی ژنان لەم دە سالەی ژیر دەسەلاتی ئەو حیزبانە نیشان ئەدات و هەم جێگای شیرین ئامیدی و رێکخراوەکەی کە نوینەری کولتوری دواکەوتوانەی دژی ژنە لە کوردستان.

کاتێك هەلسوراوانی بزوتنەوەی ژنان و لەوانە رێکخراوی سەربەخوی ئافرەتان لە ناوەوەی کوردستان و ولاتانی ئەوروپاو ئەمریکا و... هیرشی ئیعلامىیان بەرێخست لەدژی کوشتنی ژنان لە کوردستان, سەروکی پارتی دیموکرات مسعود بارزانی لە دیدارێکی روژنامەىیدا لە ئەوروپا گوتی,

" بویەکەم جار شەرمەزار دەبم لەئاست میدیای ئەوروپىدا"!

سەرەرای ئەم فاکتانە هێشتا شەری ئەمانە لەدژی ژنان درێژەی هەیە. ئەمانە نوینەری بەشی راستو دواکەوتووی کومەلگای کوردستانن وە لەمە زیاتریش بەرەوا نابینن بو ژنان، ئەوانە هاوکارو پشتیوانی باندو تاقمە ئیسلامىیە تیروریستو ژن کوژەکانن. ئەمانە درێژە پیدەرو هیلەرەوەی قانونەکانی رژێمی بەعسن لە کوردستان.

**ئیمە گوتومانە و دەیلیین: کومەلگای کوردستان دوو جور فەرهەنگی تیدایە. فەرهەنگی دواکەتوانەی مەزهەبی و دژە ژنی وە فەرهەنگی مودیرن و ئینسانی کە قسەی دلی زوربەی خەلکی کوردستانەو ئیمە کومونیستەکان نوینەرایەتی دەکەین. ئیمە دەلیین مافەکانی ژنان ماڤ جیهانی یەو ژنانی کوردستانیش هەقیانە بەهرەمەند بن لەو مافانە. کومونیزمی کریکاری و حیزبی کومونیستی کریکاری عیراق لەم بەرەیەو بو دیفاع لە یەکسانی ژن و پیاو کەوتنە بەر هیرشی ئەحزابی دەسەلاتدار. وە لەم ریگایەداو لەپیناو ئازادی و یەکسانی ئینسانەکاندا چەندین کەسمان گیانیان لەدەستدا، ئەمە ئەرک و شانازی ئیمە کومونیستەکان و هەلسوراوانی مافەکانی ژنانە کە تا کوتایی هینان بەو مەرگەساتە هەولی بێوچان بدەین.**

**وە ئەرکی هەموو ئینسانیکی ئازادیخوازە بە ژن و پیاوەوە کە بو کوتایی هینان بە کونەپەرستی و مەزهەب کە سەرچاوەی بی ماڤ ژنانە لە کوردستان و لە ناوچەکەش خەبات بکەن وە بو جی خستن و پەرەپیدانی فەرهەنگی مودیرن و پیشکەوتو وە بو یەکسانی ژن و پیاو هەولی تەواو بدەن.**

**هەلسوراوی بزووتنەوەی ژنان لە کوردستان**

2002/3/12